



گۆڤارێكی فكریی دوومانگ
جارێك دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم





عومەر رەسوڵ


# سکۆلاریزم:
# چەمك و گرفتە گەورەكان
## لەكتێبی ئیسلام و بنەماكانی دەسەڵاتدارێتی نكوڵی لەهەموو شتانە دەكات كەپێیدەوترێت دەوڵەتی ئیسلامی

*زاراوەی سکۆلاریزم، پێناسە و ریشەی مێژوویی.

*دەولەتی ئاینی و دەولەتی سکۆڵاریز. بنەما و دەرکەوتنی بوارەکانیان.

*بنچینەی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و سکۆلاریز، ئایا دیموکراسی بەبێ بوونی سکۆلاریزم پیادە دەکرێت؟

*سەرەتای هاتنەناوەوەی علمانیەت بۆجیهانی عەرەبی و دیارترین لایەنگرە پێشەنگەکانی.

* ئایا سکۆلاریزم پێویستە بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی؟

وانەیەك دەربارەی:

سکۆلاریزم: چەمك و گرفتە گەورەکانی

تەوەری یەکەم: چەمك، پێناسەی سکۆلاریزم چییە و ریشە مێژووییەکانی چین.

تەوەری دووەم: ئایا دەوڵەتی ئاینی لەگەڵا دەوڵەتی سکۆلاریزمدا ناکۆکە؟ لەکام بواردا؟

تەوەری سێیەم: ئایا دیموکراسی بەبێ بوونی سکۆلاریزم پیادە دەبێت؟

تەوەری چوارەم: جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، بوونی بەڵگەی شەرعی.

تەوەری پێنجەم: ئایا سکۆلاریزم پێویستە بۆ کۆمەڵگەکانی عەرەبی؟

تەوەری یەکەم: زاراوەکە

پێناسەکردنی سکۆلاریزم و ریشە مێژوویەکەی چییە ؟

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت هەرچەندە سکۆلاریزم، بوەتە یەکێك لەو زاراوە وروژێنەرانەی، کەلە بوارەکانی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سیاسەتی سەردەمدا بەکاردەبرێت، بەلام لەگەڵا ئەوەشدا تاوەکو ئێستا، زاراوەکە ماناکانی دیاریکراو و رەهەندەکانی زانراونین.

لەلایەکی ترەوە لەجیهانی عەرەبیدا سکۆلار بابەتێکی زۆر وروژێنەرە و بەهەڵە وەرگیراوە. هەمیشە بەوەهم و ئەفسانە و درۆ دەورە دراوە.

بۆیە باسکردن و گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە، بەدڵنیاییەوە شتێکی بەکەڵکە، هەروەها پێویستە کەسی (محاچر) جیاکردنەوەی چەمکی العلمانیه (بکسر العین) لە(العلمانیه) (بفتح العین) بزانێت و (العلمانیه) واتا زانست.

ئەم وشەیە لەزانستی سروشتەوە هاتوە: وەك ماتماتیك و فیزیا و کیمیاو بایۆلۆژیا و.... بەپێوانە لەگەڵا شیکردنەوەی تەواوی کاروبارەکانی ژیان و گەردون و مێژوو، پێش ژیان و دوای ژین و .... بەومانایەی هیچ لێکدانەوەیەکی غەیبی قبوڵناکات- یان هەر بابەتێك بەڵکو سوورە لەسەر لێکدانەوەی زانستی.

بەلام (العلمانیه) سکۆلاریزم لەسەربنەمای جیاکردنەوەی تەواوی ئاینە لەسیاسەت.

لەرووی ناکۆکی سروشتی مەعریفەی ئاینی لەگەڵا سروشتی مەعریفەی زانستی، کەپەیوەندیە مەدەنییەکانی خەڵك لەنێوان خۆیاندا دیاریدەکات.

سکۆلاریزم جەخت لەسەر پێویستی پێودانگی دەق لەسەر عەقڵا دەکاتەوە- نەك پێوانەی عەقڵا لەسەر بنەمای دەق.

بۆیە پێوانەی ئاینی لەسەر خوێندنەوەی دەقێ دەکات و وابەستەی دەکاتەوە بەکات و شوێن و ئەوحاڵەتە تایبەتییەوە، بەلام زانست (العلمانیه) لەوشەی (عالم)ەوە هاتوە، واتا بەشێوەیەکی بنەرەتی تایبەت بەدنیا و پوونی مرۆڤ تێیدا، هیچ پەیوەندێکی بەغەیب و ئەوشتە خەیاڵاویانەوە نییە کەئاین باسی لێوەدەکات. بەڵکو کار لەسەر رۆڵی مرۆڤ دەکات، بەو سیفەتەی بوونەوەرێکی ژیرە- عەقڵی مرۆڤ تاکە سەرچاوەیە بۆ گەرانەوە بۆی- لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەروەها لێکۆڵینەوە لەسروشتی مەعریفەی زانستی و سروشتی مەعریفەی ئاینی و پەیوەندیان پێکەوە، (لەگەڵا یەکتریدا) ئەم (علمانی) لەسەر بنەمای بۆچوونی عەقڵانی، لەسروشتی ئاین و سروشتی بەهاکان و سروشتی مەعریفی لەنێوان ئاین و بەهاکاندا، ئاین و مرۆڤ- مرۆڤ و بەهاکان.

پێویستە ئەوە بزانین کەدوو لێکدانەوە بۆ وەرگێرانی زاراوەی (العلمانیه) لەزمانی عەرەبیدا هەیە:

یەکەم:

وشەی علمانی، سکۆلاریزم(Secularism) کەلە وشەی سیکۆلۆم(Sacculum)ی لاتینییەوە هاتوە. کەبە مانای: سەردەم، جیل- یان قەرن- ە، بەلام لەسەدەکانی ناوەراستدا بەمانای (العالم)- یان... ئەم زەمانە لەبەرامبەر کەنیسدا.

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرددا وشەی (العلمانیه) بەمانای سکۆلاریزم پێناسەکراوە، بەومانایەی گرنگی بەژیانی دنیایی و کارو بارەکانی دەدات (بەمەش لەژیانی کەنیسە و ئاین) جیا دەکرێتەوە (مەدەنی و ئاسایی و زەمانی) نا لاهوتی- نا ئاینی، نا پیرۆز. گرنگی بەخزمەتنکردنی ئاین نادات، خۆی بۆ تەرخان ناکات....

لەبواری پەروەردە و فێرکردنیشدا (سکۆلاریزم) بابەتی غەیرە ئاینی هەیە- یان دور خستنەوەی بابەتی ئاینی لەپرۆگرامی قوتابخانە گشتییەکاندا.

زاراوەی سکۆلاریزم بۆ یەکەم جار لەمۆرکردنی رێککەوتنەکانی ئاشتی و سەربەخۆیی دەوڵەتە قەومییەکان لەساڵی (١٦٤٨) کەبەهۆی شەر و جەنگە ئاینییەکانەوە بوو، واتا لەسەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی قەومی سەردەم (دەوڵەتی علمانی) بەئاماژە کردنە بەگواستنەوە و رادەستکردنی دامەزراوەو کەرەستەکان بۆ دەوڵەت و دەسەلاتدارێتی مەدەنی.

واتای ئەم زاراوەیە لەسەردەستی (جون هۆلیۆك) (١٨١٧-١٩٠٦) بەرفراونترکرا، کەئەو پێیوایە سکۆلاریزم بەمانای باوەربوونە بەباشکردنی حاڵ وئەحواڵی مرۆڤ لەرێگای یاریدەدانی مادی- بەبێ ئەوەی ئیمانداری و بێ ئیمانی ئەوکەسانە لەبەرچاو بگیردرێت.

دووەم:

واتای (لایبل) لەزمانی فەرەنسیدا (Iain) لەوشەی (Haikus)ی بەمانای سەر بەگەل (ئەمە بەپێی فەرهەنگی گەورەی لاروس) کەبەمانای لایەنگری لاهوتی نییە- یان بێلایەنە لەدامەزراوە ئاینییەکان.

لەساڵی (١٨٤١-١٩٣٩) فیردیناك بویسون، پێشەنگ و مونەزیری سکۆلاریزم لەفەرنسا. ئەو پێیوایە بریتییە لە: سیستمی سیاسی جیایە و نفوزی ئاینی لەسەر دەوڵەت کەمدەکاتەوە، سیاسەتێکی مەنهەجییە بۆ نەهێشتنی رەوش و

گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

بابەتەکانی ئاینی، لەپەروەردە و فێرکردن و قانوندا.

ناکۆکی لەسەر ڕایەکەی (لایبك) هەیە، سەبارەت بەسکۆلاریزمی سیاسی کەئاماژە بەزۆر لایەنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی گشتی دەکات، ئەمە تەنها وەرگێرانی فەرەنسییە بۆ زاراوەی سکۆلاریزم، چونکە ئەو دوو لێکدانەوانە لێکجیان-پێکەوە گونجاونین.

ئەمەش بە واتای:

*سکۆلاریزم، چەمکێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە لەسەدەکانی ڕۆشنگەری و ڕێنیسانس لەئەوروپا سەریهەڵداوە.

*دژایەتیکردنی دیاردەی زاڵبوونی کەنیسە لەسەر دەوڵەت، هەروەها هەژمونی لەسەر کۆمەڵگە و ڕێکخستنی لەسەر بنەمای باوەری ئاینی و تایەفەگەری.

*دەبێ ئاین خەریکی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواکەیان بێت.

*بانگەشەی جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت لەسەر بنچینەی مرۆڤیانە، کەمامەڵەی تاکە کەس بەو شێوەیە بکرێت کەهاوولاتییەکە و خاوەنی ماف و ئەرکەکانە، دواجار ملکەچی دامەزراوەکانی ژیانی سیاسی بێت، کەئیرادەی مرۆڤ خۆیەتی و مافەکانی خۆیان بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندییەکانیان بێت، خۆشی و بەختیاری لەمرۆڤ بوونیان بچێژن.

بەلام فەرهەنگی(روبیر) پێناسەی (العلمانیە) بەچەمکێکی سیاسی دەزانێت، کەکار لەسەر جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵا کۆمەڵی سیاسیدا دەکاتەوە، کەدەوڵەت هیچ دەسەڵاتێکی ئاینی تێدانییە، واتا هیچ دەسەڵاتدارێکی سیاسی لەناو دەولەتدا نابێت (ئاین)، بەلام (جان بوبیر) پێیوایە (العلمانیە) بریتییە لە:

• ڕەوشی یەکەمی (کەپەیوەندی بەتایبەتمەندی سکۆلاریزمە) وە هەیەئەویش زاڵبوونی ئاین- یان هەر بیرو باوەرێکی تری مەزهەبی بەسەر دەولەتەوە، بەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و گەل و تاکەکەس.

بزوتنەوەی سکۆلاریزم دوو ئامانج دەگرێتە خۆی:

•ئازادی ویژدان و پەرستن و ئاین و بیرو باوەر، ئەمەش لەبواری جێبەجێکردن و ڕەنێوهێنانی کۆمەڵایەتی، نەك هەرتەنها ئازادی تاکە کەس بەشێوەی کەسی نادیار.

• یەکسانی لەماف و ئەرکەکان لەگەڵا پێویستی جێبەجێکردنی ئەو یەکسانییە بەشێوەیێکی واقعی

پێویستە لێرەدا ئەوە بوترێت، ئەگەر سکۆلاریزم ریشەی فەلسەفیشی هەبێت ئەوا، لەسەر باوەری ئاراستەیەکی بەزانستیکردن و چەسپاندن، دەستەبەرکردن و چالاککردنی زیاتری مافی مرۆڤە، بەتایبەت بەهاکانی ئازادی و یەکسانی و برایەتی، کەشۆرشی فەرەنسی لەسەر بەرپابوو.

بەواتایەکی تر، سکۆلاریزم بەهایەك نییە، بەڵکو بریتییە لەبنچینە و ڕەوشێکی کۆمەڵگەیە، وەك: دیموکراسێتی هەڵبژاردنەکان، کەرۆڵەکانی نیشتمان لەسایەی بەهاکانی ئازادی و یەکسانیدا پێکەوە بژین، واتا لەیەك پەیمانی کۆمەڵایەتی لەناو پەیمانی کۆماری- یان شانشینی دەستوری، بۆ حوکمکردن.

هەروەها پێویستە ئەمەش وەبیربهێنینەوە، پراکتیکی سکۆلاریزم تەنها یەك ئاراستە و نەگۆر نییە، بەلکو هەمە ڕەهەندە و بەپێی شوێن و کاتە و گرفتی هەمەجۆری هەیە، بەڵام بەگشتی وابەستەیە بەچوار ڕەهەندە، کەبەشێوازێکی تەبا و گونجاو بەرێوە دەچێت، بەشێوەیەکی سەربەخۆ و پێکەوە گرێدارو، متمانە و پشتپێبەستنی دوو لایەنە، ئەمیش:

١- دەوڵەوت.

٢- دامەزراوەکانی کۆمەڵگە (کەدەکەوێتە نێوان هێڵی لێکجیاکەرەوەی دەوڵەت، لە گەڵا کۆمەڵگەدا).

٣- نەتەوە و شوناسەکەی.

٤- تاکە کەس.

-بارۆڵی هەریەك لەمانە لەرەوشی پراکتیکی سکۆلاریزمدا بخەینەڕوو.

*دەوڵەت :

سکۆلاریزم لێرەدا بەمانای دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی لەنێوان دەولەت و ئایندا.

دەولەتی نوێ بوار بۆدەسەڵاتدارێتی زەمەنی پێکدەهێنێت، چونکە ئاین بوارەکەی لەدەسەڵاتدارێتی رۆحی دایە.

ئەم سەربەخۆییە بەرامبەر بەپشتبەستنە بەیەکسانی مەدەنی و سیاسی لەنێوان هاوولاتیاندا و هەموو تاکە کەسێك بتوانێ ئازادبێت لەبیرو باوەرەکانی، بۆنمونە: لەحالەتی فەرەنسادا یاسا هەیە بۆ جیاکردنەوەی دەولەت لەکەنیسە، کەلە ساڵی (١٩٠٥)دا دەرچوو و بریتییە لەسێ بنەمای سەرەکی:

١- دەستەبەرکردنی ئازادی بیرو باوەر لەچوار چێوەی رێزگرتن لەسیستمی گشتی و ڕەوشی کۆمەڵگە.

٢- ئەو باوەرە مەزهەبیانەی کەلە دەستوردا دانیان پێدانەنراوە، دەتوانرێت بەسود وەرگرتن لەدەستگیرۆیی و یارمەتی دانی مادی گشتی بێت، ئەمەش بەشێوەیێکی یەکسان بکرێت لەنێوان مەزهەب و بیرو باوەرەکاندا.

٣- رێگادان بەئازادی ڕێکخستنی کارو باری ناوخۆی کەنیسەکان.

*دامەزراوەکانی کۆمەڵگە:

ئەم رەهەندە لەرەوشی سکۆلاریزمدا واتا دیاریکردنی رۆڵی ئاین کەدامەزراوەیەکە لەژیانی کۆمەڵگەدا(وەك فاکتەرێکی چالاکی سەپێنراو- یان سەرتاپایی- یان شمولی) بەدڵنیاییەوە هەتا سەبارەت بەو دەولەتانەی کەگەیشتوونە ئەوپەری ئاستی سکۆلاریزمی، ڕۆڵی ئیختیاری- یان ڕاوێژی، کەکاریگەری

ئاپیا
گۆڤارێکی فکرییە دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

ئایدیا
گۆڤارێکی فکری وەرزییە
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم


هەیە، بەتایبەت لەبواری بەهاو ئەخلاقیاتی کۆمەڵگەدا- یان بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو گرفتانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەیهێنێتەوە پێش، وەك: کێشەکانی گۆڕینی ئەندامی مرۆڤ، کۆپیکردنی بوونەوەر، پێناسەکردنی مردن و...تاد.

*شوناسی نیشتمانی:

سکۆلاریزم بەواتای نەمانی رۆڵی ئاین کەرەهەندێکە لەرەهەندەکانی شوناسی نیشتمانی. پێویست نییە نەتەوەیەك هەبێ (ئیسلامی- یان کاسۆلیکی- یان بوزی... هتد) (بەهەمان شێوەی کەپێویست نییە شوناسەکەی لەسەربنەمای رەگەزپەرستی نەتەوەیی- ئاری- یان، عەرەب- یان، سلافی،بێت، بەڵکو هاووڵاتیانی دەوڵەتێك دەبێ لەدەوری کلتوری نیشتمانی هاوبەش و پێکەوەیدا بژێن.

تاکە کەس:

سکۆلاریزم، واتا جیاکردنەوەی ئینتمای نیشتمانی و باوەری ئاینی.

تەواو ئازاد بوون لەباوەربوون بەهەر ئاین و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەیەك، کە تاکەکەس هەڵیدەبژێرێت.

بە کورتی، جگەلەوەی بەرێگای دەستوری دەوڵەت لەدامەزراوەی ئاینی جیادەکرێتەوە (واتا سکۆلاریزمی لاییك-ی) واتا سکۆلاریزم جیاکردنەوەی بواری کۆمەڵایەتی بۆ دوو بەش:

یەکەم: بێلایەنی لەئاراستەی ئاینی و باوەرەکان، لەناو پرۆسەکانی پەروەردە و فێرکردن و قانوندا.

دوەم: تایبەتمەندی (دەتوانرێت لەناویدا دەربرینی ئازادانە هەبێت، لەسەر بیرو باوەرەکان) بوونی رەوشی ئاینی لەئاستی گشتی کۆمەڵدا، ئاسایی بێت (بەپێی کۆر و کۆمەڵە باوەرداەکان) نەك دامەزراوەیی بێت.

لەلایەکی ترەوە هەندێك نوسین جیاوازی لەنێوان ئەو دوو جۆرە سکۆلاریەدا دەکەن (لاوەکی و گشتی- سەرتاپایی)

*سکۆلاریزمی لاوەکی

تێروانینی لاوەکییە لەواقع و مامەڵە لەگەڵا رەهەندە گشتییەکان و مەعریفەدا، ناکات.

واتا شمولی نییە، ئەو تێروانینە کار لەسەر جیاکردنەوەی ئاین لەدنیای سیاسەت دەکاتەوە، تەنانەت ئابووریش کەبەدەربرینی جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت دەردەبردرێت.

ئەم جۆرە تێروانینەلاوەکیە. بێدەنگی لەبەرامبەر بوارەکانی تری ژیان هەڵدەبژێرێت و نکولی لەبوونی رەهایی و ئەخلاقیات و بوونی میتافیزیکیا و... ، ناکات،

ئەمە دەتوانێت ناوی بنێین سکۆلاریزمی ئەخلاقی- یان سکۆلاریزمی مرۆڤانە.

*سکۆلاریزمی سەرتاپایی

تێروانینی سەرتاپایی لەواقع، بەوپەری جدی و توندییەوە دەیەوێت بێلایەنی پەیوەندی ئاین و بەهاکان لەهەموو بوارەکانی ژیاندابێت،

لەم تێروانینەوە چەند تیۆریەك هەن کەبریتین لە:

*رەهەندی مادی بۆ گەردون.

*مەعریفەی مادی تاکە سەرچاوەیە بۆ ئەخلاق.

*مرۆڤ لایەنی مادی زاڵە بەسەریدا- نەك رۆحی.

هەروەها پێشی دەوترێت: سکۆلاریزمی سروشتی مادی، جیاوازی لەنێوان سکۆلاریزمی لاوەکی و سکۆلاریزمی سەرتاسەری، تەنها جیاوازی نێوان قۆناغەکانی مێژووییە بۆ هەمان تێروانین.

*تەوەری دووەم

ئایا دەوڵەتی ئاینی تاکۆکە لەگەڵا دەوڵەتی سکۆلاری؟

لەکام بواردا بەتایبەت؟

دوای ئەو تێبینیانەی لەبەشی یەکەمدا خرانەروو، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت،


ئەنشتاین

مەبەست لەدەوڵەتی ئاینی چییە؟

ئەو بیرۆکەیەی باوە لەسەرئەمە ئەوەیە. دەوڵەت دەکەوێتە ژێر دەسەلاتداریتی پیاوانی ئاینی، بە شێوەیەکی دەقاودەق بەپێی (مەوسوعەی سیاسەت و ئاین) بەمانای رژێمێکی سیاسییە کەنوێنەرایەتی ئیرادەی خوا لەسەر زەوی دەکات.

ئەو ئیرادەیەش لەرێگای مرۆڤەوە شیدەکرێتەوە، ئەمەش بەگرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراو، هەوڵدانی سەرەکی لەحکومەتی ئاینییدا، جێبەجێکردنی شەریعەتەکانی خوایە.

دەوڵەتی ئاینی:

ئەو(ئاین) شەریعەتەکانی کەعەقڵی ئیلاهی هێناونی جێبەجێدەکات، نەك قانونی بابەتی، کەعەقڵی مرۆڤ دایرشتووە، بەلام دەوڵەتی سکۆلاریزمی: ئەو دەوڵەتەیە کەدەست لەکارو باری ئاینی وەرنادات- رێگاش نادات پیاوانی ئاینی دەست لەکارو باری سیاسی وەربدەن، تەنها کار لەسەر ئەو یاسا بابەتیانە دەکات کەدارێژراون.

دەوڵەتی ئاینی نەك هەرناكۆكە، بەڵكو دژی دەوڵەتی سكۆلاریزمیشە، بەشێوەیەكی بنەرەتی و مەبدەئی. با كەمێك بگەرێنەوە دواوە، هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە- ناو قەبیلەكان، كاهین....، هەبووە كەرۆلی جادوگەر و پزیشك و دانا و گەردوناس و فالگرەوە و...تاد، دەگێراو سەركردەی قەبیلە- یان دەولەتی جێدەهێشت، رۆڵی نوێنەری یەزدان- یان خودی یەزدانی دەگێرا- یان رۆڵی سەركردەی سەربازی، لەهەموو شارستانییەكاندا، زۆرینەی دەولەتەكان پروپاگەندەی نوێنەرایەتی ئیرادەی خوایان دەكرد.

لەكۆمەلگە مەسیحی مەزهەبەكانی ئەوروپادا، جگەلە زالبوونی دامەزراوەی كەنیسە، هەندێك حالەتی دەسەلاتدارێتی ئاینی بنبر و تەواو زالا لەسەدەكانی ناوەراستدا هەبوو، وەك: دەولەتەكانی بابۆیی- یان دەولەتی جنێف، كەلەژێر حوكمی (جۆن كالفن)دا بوو، لەسەدەی (١٦)ەدا، هەروەها پاشاكان بەپێی (مافی یەزدانی) حوكمیان دەكرد، كەزۆر زەروری نەبوو ئیرادەی ئاسمان (خوا) جێبەجێ بكەن، بەلكو مانەوەیان لەسەروی مەسەلەكان، (هەتا شۆرشی سالی (١٦٨٨)ی بەریتانیا، ئیتر بوونە رشتەكاری) (*) ئەمە وردەوردە خۆی سەپاند، بۆئەوەی ئەوانیتر رۆلی كاهین بگێرن.

لەگەلا شالاوی زۆری زانستی و مەعریفی سەردەمی رێنیسانس لەئەوروپادا، ئیتر وردە وردە رۆلی پیاوانی ئاینی كەوتە كەمبوونەوە، ئەمەش ئاسان نەبوو سەبارەت بەدامەزراوەی ئاینی. بەلام هیچ رێگا چارەیەك نەبوو، بەتایبەت دوای سەرهەلدانی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی ئاینی، كەبەبێ پێككەوتنەكانی زانستی و فكری و تەكنۆلۆژی سەردەمی رێنیسانس، نەدەتوانرا ئەو ریفۆرمخوازیە روویدابا.

(بەتایبەت داهێنانی چاپەمەنی)

لەگەلا رەورەوەی بەرەوپێشچوون و نوێگەری كەپێشتبەستبوو بەعەقلا، رێكخستنی چالاكییەكانی مرۆڤ بەشێوەیكی عەقلانی، دەستیپێكرد.

عەقلانیەت (بەپێی ئینساكلۆپیدیای بەریتانی) دەربارەی بەهاو رەوشی گشتییە. دەربارەی بەهاو شێوازی سروشتی كۆن و باوە- هەتا وایلێهات مەعریفەی زانستی بووە پێكهاتەی بنەرەتی كۆمەلگەی نوێ، گرتنەبەری گۆرانی دامەزراوەیی بەشێوەیكی بەردەوام، بووە بەشێكی مەنهەجی لەخودی زانست.

بەوەی خستنەروو وهاوكێشە زانستییەكان كاتیین و بەپێی لێكدانەوە و شیكارییەكان دەگۆردرێن، بەلام نابێ ئەوەمان لێتێكبچێ كەجیاوازی لەنێوان زانست و چالاكییەكانی فكر و رەوتەكانی تردا بكرێت. كەپشت بەزانست و داتا و تاقیگە دەبەستێت،(نەك وەك: فەلسەفە و لاهوتی هەرەمەكی)

تەوەری سێیەم: ئایا دیموكراسی بەبێ بوونی سكۆلاریزم، مەیسەر دەبێت ؟

پێویستە وانەبێژ (محاچر) لەم تەوەرەدا وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە و دەریببرێت، داخوا دیموكراسی بەبێ بوونی سكۆلاریزمی، دەسەتەبەر دەبێت- یان نا؟

ئایا پەیوەندی ریشەیی لەنێوانیاندا هەیە- یان نا؟

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبكەین كەهەریەك لەدیموكراسی و سكۆلاری، بەپشتبەست بەهەمان بنەمای، ئازادی و دادپەروەری و یەكسانی، هەر دووكیان لەسەر بنچینەی پێكەوە ژیانی هاوبەشن لەكۆمەلگەدا و شێوازی حوكمرانی شارستانیانە، ئەمەش بەگرتنەبەرچاوی ئەزموونە مێژووییەكان، دەشێ وێنای دەولەتێكی سكۆلاری نادیموكراسی بكرێت.

هەندێك رژێمی دیكتاتۆری سكۆلاری لەمێژوودا هەن- هەندێك رژێمی دیموكراتی هەن، كەپێشتر دیكتاتۆری سكۆلاریزمی بوون ، بەلام ئەستەمە وێنای پێچەوانەكەی بكرێت.

ئەگەری دیموكراسی لەسەربنەمای- هاوولاتیان ئازادن، یەكسانن، ماف پارێزراون و رێرونن، چۆن تاكە كەسەكانی كۆمەلگە دیموكراسیەت مومارەسەبكەن، كەبەراستی ناتوانرێت یەكسانی ئازاد هەژمار بكرێن، كەواتە ئەمانە ناچار دەكرێن بەكۆت و بەندی بیرۆكەی ئاینی شمولییەوە، كەواتە ئەمانە كەوتونەتە ناو بیرۆكەی جەهالەت و تاریكی، كەرۆژگار بەسەریدا تێپەریوە و لەبواری پەروەردە و زانستدا دواكەوتووانەیە.

بەپشتبەستن بەوشتانەی پێشتر خستمانەروو، پێویستە وانەبێژ بەخالا سكۆلاریزم دیاریبكات:

*لێكجیاكردنەوەی ئاین لەسیایەت: لەگەلا گرەنتی رێزگرتن لەبیرو باوەرە ئاینییەكان و شوناسە فەرهەنگی و رۆحیەتی نەتەوە و كۆمەلگەكان.

كەواتە سكۆلاریزم ئاین لەكێشە و ململانێ و هەوەس و ژاوەكانی مرۆڤ دوور دەخاتەوە، وەك چۆن ئەزموونەكان ئەوە دەسەلمێنن كەچوونەناوەوە و تێكەلاوبوونی ئاین، لەكارو بارەكانی دەولەتدا دەبێتە هۆی زەبر وەشاندن لەمافی میللەت، لەهەلبژاردنی بەرێوەبردنی ژیانی كۆمەلگە و جیاكردنەوەی ئاینی و تایەفەگەری و دەمارگیری، هاندەدات.

بەوپەری هێز و تواناشەوە دژایەتی ئۆپۆزسیۆن و ناكۆكییەكانی دەكات، بەبەهانەی ئەوەی بێدین و دژە ئاینن.

دەولەتی سكۆلاری: قانونەكانی بەسەر هەموو هاوولاتیاندا جێبەجێدەكرێت، ماف و ئەركەكانیان دەپارێزێت، بەنەگرتنەبەرچاوی ئاین و تیرە و رەگەز، دەولەتی خەلكە.

دەولەتێك نییە بەپلەبەندی (موسلمان و كافر و...) بەلكو دەولەتێكە لەسەر شوناسی تاكە كەسەكان، ئاین و تایەفە و رەگەز، نانوسرێت.

*سكۆلاریزم: بەمانای نەهێشتنی ململانێی سیاسی دێت،

گۆڤارێكی فكرییە دوومانگ جارێك دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

کەلەپێناو گرتنەدەستی دەسەڵاتدا دەکرێت، واتا دزێوکردن- یان گرتنەبەری سیاسەتی شکاندنی لایەنی تر- بۆ گرتنەدەستی دەسەلات بەشێوەی ناشەرعی و زالبوون و فەرزکردنی ئیرادەی خۆی، بۆ بەرژەوەندی خۆی دژی لایەنەکانی تر.

*بەم جۆرە ململانێی سیاسییەکان زیاتر روون و ئاشکرا دەکات و پارێزگاری لەبواری ئاین و پیرۆزی دەگیردرێت، بەو ئیعتبارەی بیروباوەری خەلکە.

*کەواتە رەوشەکە پەیوەندی بەبێ دین و خودی ئاینەوە نییە، وەك هەندێك پروپاگەندەی بۆدەکەن، ئەگەر سکۆلاریزم لەشۆرشی فەرنسیدا گۆردرا و وابەستەکرا بەململانێ دژبە ئاینی مەسیحی، ئەو شۆرشێك بوو دژی رژێمی فیودالی، بۆ شۆرشکردن دژی فیودالی، لەهەمان کاتیشدا شۆرش شێواز و ئاراستەی دژی کەنیسەش وەرگرت.

سکۆلاریزم، کەواتە بەمانای رژێمێکی گشتی عەقلانی، پەیوەندی نێوان تاکە کەس و کۆمەلگەکان و دامەزراوەکان رێکدەخات- لەنێوان خۆیان و لەنێوان دەولەتدا. لەسەربنەمای قانونی گشتی، کەلە واقیعی کۆمەلایەتییەوەیە کەلەو دەستورە گشتییەدا هەموو تاکە کەسەکانی کۆمەلگە و ئەتنیکەکان بەنەگرتنە بەرچاوی رەچەلەك و بیرو باوەرەکانیان، یەکسانن، کەبریتیە لە:

١- جیاکردنەوەی ئاین لەدەولەت و بێلایەن بوونی لەبەرامبەر ئایندا.

٢- نەهێشتنی دەستەکاری تایفی لەسیاسەتدا.

٣- چەسپاندن و جێگیرکردنی دادگاکانی مەدەنی گشتی- بۆگرێنتی تەواو لەنێوان هاوولاتیاندا، بەنەگرتنە بەرچاوی بیرو باوەرەکانیان.

٤- بریاردان لەسەر یەکگرتوویی یاسای باری کەسێتی، بەجۆرێك ژن و پیاو یەکسانبن و مافی هاوولاتی هەبێت لەهەلبژاردنی شێوازی هاوسەرگیری مەدەنی- یان ئاینی.

٥- ئەو ئیعتبارەی قانونەکان نسبین و رەها نین، سەرچاوەکانیان کۆمەلگەیە و بەپێی پێویستی و گرفت، بەپێی رووداو و پێشهاتە مێژووییەکانی دێنەپێش، بەپێی ئیرادە و وێستی میللەت دەبێت، کەبەناوی ئەو- یان لەرێگای ئەو یاسایانەوە دەکرێت.

٦- بەو ئیعتبارەی دەسەلاتدار بەناوی میللەتەوە حوکمرانی دەکات، دەسەلاتداریەکەی لەخەلکەوە سەرچاوە دەگرێت و جێبەجێکەری ئیرادەی ئەوانە.

٧- برەودان بەبواری رۆشنبیری زانستی و عەقلانی.

٨- داننان بەمافی مەزهەبە هەمە جۆر و ئەتنیك و قەومەکانی تر.

٩- رزگار کردنی ئاین لەژێر دەسەلاتداریتی دەولەت، هەروەها رزگارکردنی دەولەتیش لەژێر زالی و دەسەلاتداریتی دەولەت.

تەوەری چوارەم

جیاکردنەوەی ئاین لەدەولەت- بەلگە شەرعییەکان.

پێویستە وانەبێژەکە (محاچر) لەباسکردنی ئەم بابەتەدا هەلوێستە لەسەر مەسەلەی جیاکردنەوەی ئاین لەدەولەت، بکات.

دەتوانین لێرەدا بەلگەی حاشاهەلنەگر بهێنینەوە، با لەشێخ (علی عبدالرزاق)ەوە دەستپێبکەین، کەئەو یەکێکە لەزانا ئاینییەکانی زانکۆی ئەزهەر و قازی شەرعییە لەمەنسورە.

لەسالی (١٩٢٥)دا شێخ علی عبدالرزاق کتێبێکی بەناوی (ئیسلام و بنەماکانی دەسەلاتداریتی) بلاوکردەوە، کەتێیدا دەچێتەسەر باسی هەلوێستی شەرعی ئاینی ئیسلام، لەبەرامبەر دەولەتدا.

ئەوکتێبە بووەهۆی نانەوەی دەمەتەقێ و وروژاندنێکی فکری و سیاسی و ئاینی زۆر، سەرئەنجام زانکۆی ئەزهەر بریارێکی دەرکرد کەناوبرایە لەکۆمەلی زانا ئاینییەکان دەربکرێت.

هەروەها حکومەتیش بریاری دەستلەکارکێشانەوەی لەپۆستەکەی دەرکرد. دواتر حکومەت بەنهێنی بریاری دەست لەکار کێشانەوەی وەزیری دادیشی دەرکرد.

ناوبراو لەوکتێبەدا باس لەخەلافە و ئیمامەی دەولەت دەکات- لەتێروانینی ئاینیەوەو دەلێت: رژێمی خەلافە و دەولەتی ئاینی، بەئاین نامۆیە و هیچ پنەمایەکی نییە لەسەرچاوە و بنچینە پشتپێ بەستراوەکانی موسلمانان.

(شێخ علی عبدالرزاق)، نوکلی لەمەسەلەی ئیسلامی وەك رژێمێکی سیاسی دەکات، نکولی لەهەموو ئەوشتانە دەکات کەپێی دەگوترێت، دەولەتی ئیسلامی، نکولی لەوەکردوە کەپێغەمبەر دەولەتی ئیسلامی دامەزراندبێت- یان باسی لەدامەزراندنی کردبێت.

ئەوەی کە(رەسولا) کردویەتی لەزۆر میکانیزمی حوکمرانی خالییە، دورە لەسیستمی حوکمرانی و رێسای قەزایێ و سیستمی شورایی.

لەچوار چێوەی هێنانەوەی بەلگەی شەرعی و عەقلی، نابراو دەلێت: چۆن دەبێ و دەشێ (رەسولا) بۆشاییەك، شوێنێکی جێهێشتبێت لەرژێمی ئیسلامیدا، ئەگەر ئیسلام ئاینی دەولەت بێت!

خوا دەفەرموێت (ئەمرۆ ئاینمان بۆ تەواوکردنز ئیسلاممان کرد بەئاینتان)، هەروەها ئەگەر رژێمی خەلافە و دەولەتی ئاینی لەئاینەوە بێت، بۆچی خەواریج و هەندێك لەمعتەزلەکان باوەریان پێی نەبووە؟

ئەگەر خەلیفە پلەو پایەیەکی ئاینییە بۆچی ئەبوبەکر دژایەتی ئەو کۆمەلە ئەسحابەیەی کرد، کە بەیعەتیان بۆنەداو لەسەر ئیسلامییەتەکەیان مانەوە؟

بانگەشەی ئیسلام بانگەشەیەکی ئاینییە بۆخوا، رێچکەیەکە لەرێچکەکانی چاکسازی بۆمرۆڤ، ئایا رەوایە هەموو دنیا

گۆڤارێکی فکرییە سێ مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

یەك ئاینییان هەبێت و مرۆڤایەتی لەسەربنەمای یەك ئاین ڕێکبخرێت؟ ئەگەر هەموو دنیا لەسایەی یەك حکومەت، لەسایەی یەك یەکەی ڕەوشی سیاسی هاوبەشدابێت، ئەوە گومانی ئەوە دروست دەکات بەدەر بێت لەسروشتی مرۆڤایەتی، هەروەها ناوبراو درێژەی پێدەدات و دەڵێت: دەولەت نیازێکە لەنیازە دنیاییەکان- کەخوا لەنێوان ئەم و عەقڵی ئێمەدا دایناوە و ئیختیاری داوەتەدەست خەڵك، سەربەستبن لەهەڵبژاردن و تەکبیر و کارەکانی کەهزر و زانیاری و بەرژەوەندی و حەز و ئارەزوەکانیان لەسەروی ئەمەوە بوو، پێغەمبەر(د.خ) دەڵێت: (انتم اعلم بشۆون دنیاکم).

بەکورتی ئەوەبەبیر دێنێتەوە کەقورئان بەڕاشکاوی ئاماژە بەوەدەکات، پێغەمبەر تەنها نێردراوێك بووە، پێش ئەویش پەیامبەر هەبوون، تەنها پەیامەکەیان گەیاندوەتە خەڵك و بەسەریدا نەسەپاندون، تۆ تەنها ڕێگای ڕاستیان نیشاندەدەی و ئێمەش حسابیان لەگەڵدادەکەیین.

دواتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوەو دەڵێت: کەقورئانی پیرۆز بەدەستەوە دەگرم و چەند شتی نادیار و شێوەڕوون دەبینم، کەهەندێ دەیانەوێ باوەر بەوەبکەن لایەنی سیاسی لەئاینی ئیسلامدا هەیە، کەحەدیسەکانی پێغەمبەریش بەدەستەوە دەگرم، ئەو سەرچاوە ئاینییە بێخەوشانە دەگرمەدەست، بەڵگەم دەستدەکەوێت- یان شێوە بەڵگەیی، کەتۆ ناتوانی بەڵگەی تەواو وبێگەردت دەستبکەوێت، تەنها گومان نەبێت- گومانیش هیچ وابەستە بەحەق نابێتەوە.

ئەگەر مامۆستا (شێخ علی عبدالرزاق)، باس لەبیروکەی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات و ئەوە ڕوونبکاتەوە کەکۆك نییە لەگەڵا ئایندا- لەچوار چێوەی پانتایی فقهی ئاینی بەرفراوان و قوڵا- ئەوا هەندێك لەزانایانی ئاینی ئەزهەر نوسیویانە، لەگەڵا دەوڵەتی ئاینی ئیسلامیدان- یان هەڵوێستێکی ئاساییان لەبەرامبەریدا هەیە و پێناوایە لەگەڵا ئایندا دژە(محاجر) وانەبێژ دەتوانێت بیرو بۆچوونەکانی بیرمەندێکیتر بخاتەڕوو، کەئەویش (خالد محمد خالد)ە مامۆستای زانکۆی ئەزهەر (شێخ خالد محمد خالد) لەگەڵا ڕاوبۆچوونەکانی ( شێخ علی عبدالرزاق)دا دەربارەی فقهی و عەقڵا.(ئاین لەگەڵا دەوڵەتی ئاینیدا)

ئیسلام ئاینێکی جیهانییە و پەیامێکی مرۆڤایەتییە، نەك دەوڵەتداریتی، بەلام ئەو تەنها لەوسنورەدا نامێنێتەوە. بەڵکو باس لەخودی بیرۆکەی دەوڵەتی ئاینی دەکات- لەژێر ڕۆشنایی مێژوویدا، هەروەها لەژێر دەرئەنجامی ئەو نەهامەتییانەی کەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی توشی بوونەتەوە.

سەرئەنجام ئەم بیرۆکەیە ناکۆکە لەگەڵا ئایندا، لەڕەوش و ئامانجە ڕۆحی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەو توێژە ڕابەرە ئاینییە پیسە- کەتاقمێ کەسی تۆقێنەر، بەکافر کردنیان لەدەستدابوو. ڕای ئازادیان دەخنکاند و خەریکی سەرکوتکردن و داپۆڵۆسین بوون.

دواتر باس لەهەڵوێستی ئیسلامی عەقڵ دەکات و دەڵێت: ئیسلام ئەوە فەرز ناکات خەڵك ئیلتیزام بەکار وبارەکانی دنیاییانەوە بکەن، جا چ ئەوەبێت کەبۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانە چ ئەوەی لەبواری بەڕێوەبردنی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیاندا دەیکەن.

ئیسلام مافی ئەوە دەدات بەخەڵك، خۆیان ڕێگەی ژیان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن. هیچ یاسا و ڕێسایەکیشی بۆئەوە دانەناوە.

بۆیە ئیسلام لەگەڵا بەرتەسککردنەوەی ئەو قانونانەدانییە کەنامۆی پێی، نەئەو قانونانەش کەیاریدەدەر نییە بۆ بابەتبوونی ئاینی ئیسلام، بەڵکو لەگەڵا ڕێزگرتنی هەڵبژاردنی عەقلدایە.

دواتر ناوبراو باس لەلێکجیاوازی کۆمەڵگەکان دەکات، کەگرنگترین فاکتەر جیا تێڕوانینی نێوان مەزهەبەکانی فقهییە(سەریحەتە) چۆن مەزهەبی ئیمامی مالیك لەدورگەی عەرەبیدا دورە لەدەربرینی ڕاوبۆچوون، بەپێچەوانەی ئەو مەزهەبەی کەلە بەغداد گەشەیکردو کەمترین گرنگی بەعەقڵی(باگن)داو خەریکی ڕۆشنبیری قانونی و عەقلی مەدەنیبوو. (کەپێی دەگوترێت مەزهەبی ڕەئی- مژهب ابو حنیفە)

ئەو باس لەوەدەکات، چۆن شافعی لەبەغدادەوە چوو بۆ میسر و تێڕوانینە فقهییەکانی گۆڕدران و مەزهەبێکی نوێ و جیاوازی دانا.

کاتێ لێیانپرسی نهێنی ئەمە چییە ئاوا تێڕوانینەکانت گۆڕدران؟

ئەویش بەئاسایی گوتی: گوێم لەهەندێ شتبووە پێشتر گوێم لێنەبووە، شتیشم بینیوە کەپێشتر نەمدیبوو. شافعی هەستەکانی بەکارهێناوە، گوێچکە و چاوی لەگەڵا ژیانی نوێدا ڕاهات، سەرئەنجام بیرکردنەوەی گۆڕدرا.

ئەو دەڵێت: ڕۆژگار سەنگینە شتی نوێش چاوەڕوانی ئەو گوێچکانەیە کەدەیبیستن- ئەو چاوانەی کەدەبینن. مامۆستا (خالد) دەڵێت: بەکارهێنانی عەقلا بۆ بەرەوپێشبردنی فقهی ئیسلامی، سنور و بەربەست نازانێت، حیکمەتی فقهی ئیسلامی زەرورییە بۆپاراستنی بەرژەوەندی مرۆڤەکان، هەروەها فقهی زانستێکە لەڕاو بۆچوون، جیهاد پێویستی بەتێڕوانین و ئومێدە.

مامۆستا (خالد محمد خالد) باس لەڕایەکی (ئیمام نجم الدین الطوفي العنبلي) دەکات، کەئەو زانایەکی ئاینییە و دەڵێت: ئەگەر دەقێکی قورئانی و سوننە ناکۆکبوو لەگەڵا بەرژەوەندی، ئەوا بەرژەوەندی لەپێشترە.

بەناوبراویان وت: ئەمە جێگرەوەی دەقە؟

ئەویش وتی: بەڵکو ئەمە تەرخانکردن و ڕوونکردنەوەیەتی.

پێانوت: شەریعەت لەسەروی بەرژەوەندییە، کەلە بەڵگەی شەرعییەوە وەردەگیرێت. واتا بەڵگەی شەرعی، بەڵگەی شەرعیش بەهێزترین و لەپێشترە و ئیعتباری هەیە.

هەروەها مامۆستا خالد، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە

کەدەوڵەتی مەدەنی ناکۆکە لەگەڵا دەوڵەتی ئاینییدا، بەڵکو بەهێزی دەکات، چونکە نەپێشکەوتنی کۆمەڵگە و نەمانەوەی ئاین خۆی، تەنها بەسنوردانان بۆدەسەلاتی پیاوانی ئاینی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتدارێتی مەدەنی لەئاینە.

چونکە ئاین ئامانجە باشەکانی دەستەبەرناکات، تەنها لەوریاییەوە نەبێت.

ئەگەر فکری ئیسلامی سەرچاوەکەی لای زانایانی ئاینی و پیاوانی ئەزهەربێت، کێ نکولی لەوەدەکات کەئەرکی ئاینییە.

بوونی دەولەتی ئاینی لەئیسلامدا، کێ ڕێگر و لەمپەردەبێت لەبەردەم ئەوەی دەولەتی ئاینی فاکتەرێك بێت لەوفاکتەرانەی خودی ئاین گەندەلا بکات؟

ئەوەی هزری شەریعەتی ئیسلامی و رۆلی ئاین لەپاراستنی بەرژەوەندی کۆمەلایەتی و دەستەبەرکردنی ڕۆحی مادی ژیانی مرۆڤی بەرەوپێشبردووە لەچوارچێوەی دەولەتی مەدەنیدابوو.

هەندێك لەبیرمەندە ئیسلامییەکان هەتا ئەوئاستەچوون کەجەخت لەسەر بوونی دەولەتی سکۆلاری دەکەنەوە، تەنانەت بانگەشەی بەرەوپێشچوونی بیری ئاینی ئیسلامیشی بۆدەکەن.

لێرەدا باشتروایە بگەرێینەوە سەر کتێبەکەی دکتۆر محمد نویهی، کەتوێژینەوەی لەدەولەتی مەدەنی لەسایەی فێرکردن و ڕێنماییەکانی قورئانەوە خستۆتەروو.

ئەوە دەخاتەروو کەزۆربەی ئەحکامەکانی فقهی لەقورئانەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لەرێسای وڵاتە ئیسلامییەکانەوە هاتوە- لەهەڵسوکەوت و رژێمەکانی کەلەسەربنەمای دژایەتی نەکردنی ئاینی ئیسلام نەبێت، هاتوە.

بەکورتی دەڵێت: چ ڕێگامان لێدەگرێت کەخێراتر و چاونەترسانەترین- لەو راپەرانەی ئاینی کۆن کەتوشی گرفت بوونەوە و تێکەلاویان لەگەڵا گەلانی تردا پەیداکرد.

ئێمە ئەو ڕێچکانە بگرینەبەر کەناکۆکە لەگەڵا ئیسلامدا، ئەو فەرمان و ناوەرۆکانەی قورئان باسی لێوەکردوون یەکەی یەکگرتوو وپێکەوە کۆکنین، لەمانەش: ناپەسەند، حەرام، ڕێگاپێدراو، ئەرك ...تاد، تەنانەت (عومەری کوری خەتاب) ڕاگرتنی هەندێ لەوانەی نەهێشت- یان جێبەجێکردنی ڕاگرت.

ئەمەش تەنها چارەسەرکردنی کاتی بوو کەموسڵمانەکانی سەرەتایی پێویستییان پێیبوو (ئەحکامەکان بەپێی سەردەم دەگۆردرێن) هەتا ئەحکامەکانی فەرز و حەرامی قورئانیش، پێویست نییە وەکو خۆیان بمێننەوە، چونکە بنەمای بەرژەوەندی گشتی بەردەوام لەپشتی هەموو شەریعەتەکانەوەیە، وەك پیاوانی شەریعەتزان دەلێن: (و الضرورات تبیح المحظورات و دفع الضرر مقدم علی جلب النحیر)

تەوەری پێنجەم: ئایا سکۆلاریزم پێویستە بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی ؟

بەلی سکۆلاریزم پێویستە بۆپێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەی کۆر و کۆمەلەکانی کۆمەڵگە.

زۆر کۆمەلگەی عەرەبی وەك چۆن لەهەندێك وڵاتی تری دنیادا هەیە، توێژالێکی بەرفراوان لەئاین و مەزهەبەکانی ئاینی پێکەوە ناکۆکن- یان دژن.

ئەگەر دەولەت تەنها ئاینێك- یان مەزهەبێکی هەلبژارد و پشتی پێبەست، ئەوا ئەو هاوولاتیانەی کەغەیرە مەزهەبی ناوبراون، توشی نائومێدی دەبن، چونکە ناتوانن شوناسی خۆیان دەربرن و دەکەونە دەرەوەی هاوولاتی بوونی تەواو.

لەدەولەتی سیکۆلاریدا هاوولاتی بوون لەسەربنەمای ئاین- یان مەزهەب نییە، بەلکو لەسەربنەمای پەیمانی کۆمەلایەتییە- واتا هزری مرۆڤ خۆی، واتا بەرژەوەندی هاوولاتیان، دەربرینی چەمیکێکی ڕاستە بۆ ئەمە.

بەو جۆرە دەولەتی سکۆلاری بنەماکانی لەپەیمانی کۆمەلایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕێکخستنی ژیانی کۆمەلایەتی و دەستەبەرکردنی ئاشتی ناوخۆ لەنێوان ئاین و فەرهەنگەکاندا.

کەواتە سکۆلاریزم کلیلی تازەگەری سیاسییە، چونکە ئەو باوەرەیە کەجیاوازی لەنێوان ئیماندار و هاوولاتیدا دادەنێت.

باوەربوونی ئاینی پەیوەندی بەتاکەکەسەوە هەیە، هیچ پەیوەندی بەئەرك و مافەکانییەوە نییە، وەك هاوولاتییەك، ئیماندار ئەرکە ئاینییەکانی لەپەرستگادا بەجێ دەهێنێ، بەلام هاوولاتی ئەرك و مافەکانی لەپانتایی هاوولاتیبووندایە، چونکە هاوولاتیبوون مافی هەمووانە بەبێ جیاوازی، پێویستە جارێکیتر جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کەسکۆلاریزم نەئایدۆلۆژیایە و نەسیستمی فەرمارشەوایی، بەلکو ئەو وەك دیموکراسی هەلبژاردن و نوێنەرایەتی وایە و هەردووکیان پشتبەستون بەوبنەمایە.

سکۆلاریزم مەرجی پێشوەختی گۆرانە، بۆچوونە ناوەوەی تازەگەری دیموکراسی، بێ بوونی سکۆلاریزم- ئەوا ئاین دەبێتە یاری دەستی توندرەو ودەسەلاتداران.

نازانین داخو سکۆلاریزم دەبێتەهۆی پچرانی ئێمە لەگەلا رەگ و ریشە ئیسلامییەکاندا، بەلام بێگومان سکۆلاریزم دەبێتەهۆی پچرانی رەگ و ریشەی دواکەوتویمان. واتا مەرجێکی پێویستە بۆتازەگەرێتی بەبێ فرت وفێل و چەندوچوون.

نابێ هیچ رژێم و رەوش و داب و نەریتی ڕێگر و دژبە مافی مرۆڤ هەبێت- مافەکانی مرۆڤ پێشێلبکات- یان بەهاکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری نکولی لێبکات (کەئەمانە بوونەتە بەهایەکی گشتی مرۆیی)

لەلایەکیترەوە ئەوبیرۆکەیە هەلەیەکە کەسکۆلاریزم تەنها وابەستەیە بەمەسیحیەتەوە و هیچ پەیوەندی بەکۆمەلگە ئیسلامییەکانەوە نییە، ئەمە لەبەرئەوە دەوترێت: گوایە سکۆلاریزم لەئەوروپادا سەریهەلداوە، ئەمەش بەهۆی

والا ئاپیا
گۆڤارێکی فکرییە دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

ململانێی دامەزراندنی حوکم و ئاین.

هەندێك جاریش بەومانایە دەوترێت کەمەسیحیەت سیستمی حوکمرانی نازانێت، بەڵکو لاهوتیانە زەوی لەئاسمان جیادەکاتەوە .(ئەمەی دەیدەیتە قەیسەر، قەیسەرە- ئەوەی بۆخواش دەیدەیت، خوایە)

کەواتە سکۆلاریزم گەرانەوەی ئەو ئەسڵەیە کەرۆژگار تێکیداوە، هەردوویەکان هەتا رادەیەکی زۆر راستن، بەڵام هیچ یەك لەمانە پشتبەستونین پێی، چونکە سکۆلاریزم مەسەلەیەکە تایبەتە بەمەسیحیەت، کۆمەڵگە ئیسلامییەکان پەیوەندیان بەوبابەتەوە نییە، گرنگ پێشکەوتنی مێژوویی دەولەت و شێوازەکەی، ئەمەی لەئەوروپادا کردە ئەرك و هێنایەپێش.

سەرەتا شۆرشی پێشکەوتن و تازەگەری گەشەدەکات و بەسەر دەولەتەکانیاندا فەرزدەکات، ئەگەر بمانەوێت نەبین بەپاشکۆی مێژوو، دەبێ کارمان تێبکات و کاری تێبکەین.

سکۆلاریزم چییە ؟

وەك پێشتر باسمانکرد، دەتوانین بڵێین: فەندەمەنتالیزمییە پرسیارەکە ئەوە- سکۆلاریزم چییە؟

لەزمانی عەرەبیدا دەربرینی (العلمانیە) لەوشەی (العالم)ەوە هاتوە، بەلام لەزمانە بیانییەکاندا لەوشەی لاتینی (Asculum) واتا جیهانیەوە، هاتوە.

وشەیەکیتر هەیە لەلاتینیدا (Munds) کەئەویش هەربەمانای جیهاندێت، جیاوازی نێوان ئەو دووو وشە لاتینییەش (Asculum) مانای زەمان لەگەلا خۆیدا هەلدەگرێت، بەلام وشەی (Munds) مانای شوێنیش دەگەیەنێت و هەلدەگرێت، ئەمەیان بەلاتینی بەمانای (Cosmos)ش دەردەبردرێت، کەواتای گەردون- یان سیستم و جوانیش دێت. بەلام زاراوەی (Asculum) بەواتای جیهانێکی هاوتا لەگەلا زەماندا، بەواتای مێژووی هەبێت، چونکە جیهان مەحکومە بەزەمان و مێژوو، ئەمەش بەو مانایەیە کە(Speculum) وەرگێرانی دەربرینە یۆنانییەکەی بەمانای سەردەم- یان ماوەیەکی زەمەنی دێت.

ئەو دووفاقییە لەزمانی یۆنانیدا، بووەهۆی دروستکردنی کێشە لەلاهوتیدا، کەئەمە ناکۆکە لەگەلا تێروانینی شوێنی بوون، لەلای یۆنانییەکان، هەروەها تێروانینی زەمانیش لای عبرانییەکان.

جیهان لای یۆنانییەکان لەشوێندایەو رووداوەکان لەناو جیهاندا تێدەپەرن، هیچ لەدنیایەکدا رووناداتُ کەمێژوویان نەبێت، بەلام بەلای عبرانییەکانەوە جیهان لەجەوهەردا مێژوویە. واتا جیهان هاوکات خۆیەتی.

ئەم دوو تێروانینە جیاوازە لەنێوان یۆنانی و عبرانییەکانداو بەچەمکە گشتییەکەی لەسەدەکانی ناوەراستدا نەهێلدرا، ئەمەش بەهۆی زاڵی و لەپێشبوونی جیهانی شوێنی- یان ئاینی، بەسەر جیهانی مێژوویی- یان سکۆلاریزمی. ئیتر زاراوەی سکۆلاریزم لەچوار چێوەیەکی بەرتەسکدا مانای دەبەخشی.

ئەو قەشە لێپرسراوەی کەکاروباری رۆژانە و ئیداری قەشەکانی دەگرتە ئەستۆ، پێیاندەوت (فێرگە-Secularized) دوای ئەوەی پاپا لەئیمپراتۆری رۆما جیابوویەوە، بەکارهێنانی ئەو وشەیە بەرفراوانتربوو، بۆئەوە بەکاردەهات کامە رۆحانییە و کامە علمانی، لەناو دامەزراوەکاندا کەهەندێك لێپرسراوێتی لەدەسەلاتدارێتی کەنیسەوە گوازرایەوە بۆدەسەلاتدارێتی سیاسی، ئەو گۆرانەش پێیوترا (سکۆلاری)

دیارە ئەم گۆرانکاریە لەبنەرەتدا وەرچەرخانێکی فکری بوو، دەتوانرێت لەساڵی (١٥٤٣)ەوە دیاریبکرێت، ئەو ساڵەی کتێبێك لە نوسینی(نیکۆلا کوبرنیك) بەناونیشانی(فی دوران الافلاك السماویە) (سورانەوەی گەردون بەدەوری زەویدا) ئەو مێژووە دەتوانرێت بەسنوری جیاکەرەوەی کۆتایی چاخەکانی ناوەراست و سەرەتای چاخی نوێ دابنرێت.

ئەمە قولتر و کاریگەرتربوو لەداگیرکردنی قوستەنتینییە لەلایەن تورکەکانەوە، هەروەها لەدۆزینەوەی هەردوو کیشوەری ئەمریکاش، لەلایەن کۆلۆمبۆسەوە، چونکە ئەمە نیشانەی کۆتایهاتنی جیهانێکی کۆن و لەدایکبوونی جیهانێکی نوێ بوو.

بەهۆی مەزنی بیرۆکە باشەکەی (کوپرنیك) ئیتر مرۆڤ ناوەندی گەردون نەما، گەردون لەخولانەوەی بەدەوری مرۆڤدا وەستا.

کۆپرنیك، دەڵێت: مانەوەی گەورەترین ئەستێرە بەجێگیری و کۆمەڵێ ئەستێرەی بچوك بەدەوریدا دەخولێنەوە، کەلەخولانەوەی هەموو ئەو تەنانە باشترە کەبەدەوری زەویدا دەخولێنەوە، چونکە ئەگەر ئێمە وادابنێین زەوی بزوێنەرە و ئەو شوێنەیە کەجولە ئاسمانییەکانی لێوە دەبینین، ئەوا وێنەی جیهانمان بەئاسانتر دەبینی لەوەی کەلەسەر گریمانە دانراوە، بۆئەو ئەستێرە ئاسمانیانەی لەجولەدان.

بەمجۆرە ئیتر مرۆڤ سەنتەری گەردون نەما، ئێتر وێنای ئەوە نەما گەردون بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە، بەو جۆرە کۆپرنیك زەوی لەریشەوە هەلگێشاو هەلیدایە ناو ئاسمانەوە.

باوەربوون و لێکەوتنی ئەو بۆچوونەی کەزەوی ناوەندی گەردون نییە، شتێکی ئاسان نەبوو.

سەرەتای ئەم بیرۆکەیە لەلای (فیساگۆرس)ەوە سەرهەلدەدات، کەدەلێت: پێویستە ناوەندی گەردون رووناکبێت، چونکە رووناکی لەتاریکی باشترە، پێویستە جێگیربێت، چونکە جێگیری لەجولە باشترە. لەبەرئەوە زەوی ناوەندی گەردون نییە، چونکە تاریکە و دژەیەکی زۆری تێدان، بەلام فیساگۆرس قوتابییەکانی لەباس نەکردنی ئەو تێروانینەی ئاگادارکردەوە (فیساگۆرس) لەرانەگەیاندنی ئەم بیرۆکەیەی، لەسەر حەقبوو. چونکە ئەو خانوەیان سوتاند کەباوەرادارانی فیساگۆرسی تێدا کۆدەبووەوە، گوایا ئەو رۆژەی ئەو شوێنە سوتێنراوە فیساگۆرس لەوێ نەبووە، دیارە (کوبرنیك)یش ئاگاداربووە لەو مەترسیانەی رووبەرووی فیساگۆرس بوونەوە

و ویستوێتی پیانشارێتەوە.

هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کەکۆپرنیك کۆتایی کتێبەکەی بەو نامەیە هێنابێت کە(لیسیز) بۆ(هیبارکوس)ی ناردوە و تێدا دەڵێت: دوای مردنی فیساگۆرس، قوتابییەکانی پەرت و بڵاوبوون، بەڵام لەگەڵا ئەوەشدا ئێمە پابەندین بەپاریزگاریکردن لەبیرۆکە پەروەردەیی و زانیارییە ئیلاهییەکانی فیساگۆرس و نەدرکاندنی ئەو گەنجینە فەلسەفییەی ئەومرۆڤە ئیلاهییە، بۆیە (لیسیز) بە(هیبارکوس) دەڵێت: باسکردنی ئەم گەنجینەیە ناکۆکە لەگەڵا وەسێتنامەکەی فیساگۆرس بۆ کورەکەی (داما) بەوەی لای کەس، جگەلە خێزانەکەیان، باسی بیرۆکە و بۆچوونەکانی نەکرێت.

کورەکەی (داما) گوێرایەڵی وەسێتەکەی باوکی بوو، هەروەها کچەکەشی (فیتالیا) و دایکی، دوای مردنی ناوبراو نەیاندرکاند، بەڵام ئێمە دلسۆزنین بۆ مامۆستاکەمان، بەڵکو خیانەتکاربووین.

بەڕای من ئەو کۆتاییە بووەهۆی ئەوەی کتێبەکەی پێشکەش بەپاپا پۆلسی سێیەم، بکات ئەو لەنوسینی پێشکەشکردنی کتێبەکەدا دەڵێت: من لەو بڕوایەدام هەندێك خەڵك هەبێت دەربارەی هەڵسورانی گەردون بەدەوری زەوی و جولەی زەوی، نوسیبێتی، هەروەها دەڵێت: بیرۆکەوخولیای فەیلەسوف گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، لەگەڵا ئەمەشدا بەپێویستی دەزانێت لەدەست عەدالەت رزگاری بێت، بۆیە (کوپرنیك) دوو رێگای لەبەردەمدابوو- یان بڵاوکردنەوە و راگەیاندنی تیۆریەکەی کەلەلایەن ئەوانەی چەندین سەدەیە هەرواهاتوە- باوەڕیان بەجێگیری زەوی هەبێت و ئەم بۆچوونەی ئەو بەشتێکی هیچ و بێکەڵك هەژماربکەن- یان وەك فیساگۆرس بێدەنگی هەڵبژاردبا، بەڵام ئەو لەژێر فشاری هەندێك کەس بڕیاری بڵاوکردنەوەی تیۆریەکەیدا.

بەتێبینی ئەوەی ئەو تیۆریەی ئەو لەسەر جولەی زەوی بۆماوەی (٣٦) ساڵا بەنهێنی مایەوە، کۆپرنیك تیۆریەکەی بڵاوکردەوە، لەکاتێکدا ئەو لەسەر جێگای مردنی کەوتبوو- وێنەیەکی چاپکراوی کتێبەکەی بۆهات.

**واتا** لە(٢٤/مایۆی / ١٥٤٣)**دا**، لە(٥/ مارسی/ ١٦١٦)دا دادگای تەفتیش بڕیاری قەدەغەکردنی کتێبەکەی کۆپرنیکی دەرکرد.

لەساڵی (١٦٠٩) گالیلۆ، تلیسکۆبێکی دروستکرد و کێوەکانی سەرمانگ و ئەو چوار مانگەی پێبینی، کەبەدەوری موشتەریدا دەخولانەوە، لەمانگی مارسی هەمان ساڵدا، کتێبێکی لەژێر ناونیشانی (پەیامهێنێك لەئەستێرەکانەوە)ی بڵاوکردەوە، لەو کتێبەدا لایەنگری خۆی بۆ تیۆریەکەی کۆپرنیك راگەیاند، لەساڵی (١٦١٣)دا کتێبێکی تری لەژێر ناوی (چەند پەیامێك لەخۆرەوە)دەرکرد.

دەسەڵاتداریتی ئاینی بەبەهانەی ئەوەی بۆچوونی نوێی ناکۆك لەگەڵا تەفسیری باوی ئینجیل تێدایە، قەدەغەیکرد.

ئیتر ململانێ لەنێوان گالیلۆ و دەسەڵاتداریتی ئایندا دەستیپێکرد، گالیلۆ دەستیکرد بەدۆزینەوەی بەڵگە لەناو دەقی ئینجیلدا.

لەگەڵا هەموو ئەمانەشدا کەنیسە ڕایگەیاند (کۆبرنیك) هەڵگەڕاوەیە، پاپا پۆلسی پێنجەم فەرمانی بەگالیلۆ کرد، واز لەبڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕەکانی کۆپرنیك بهێنێت و بەرگری لێنەکات.

گالیلۆ بەڵێنی ئەمەیدا، بەڵام لەساڵی (١٦٣٢)دا کتێبێکی بەناونیشانی (وتووێژ دەربارەی دوو سیستمی بنەڕەتی بۆ جیهان) لەو کتێبەدا لایەنگیری تیۆریەکی کۆپرنیکی کرد و دژی تیۆریەکی بەتلیمۆس بوو، لەبەرئەمە بانگهێشتکرا بۆ ڕۆما، هەتا لەبەردەم دادگای پشکنیندا ئامادەبێت.

داوایان لەناوبراو کرد پەشیمان بێتەوە و سوێند بخوات، گالیلۆ ئەوکارەی کردو ئیمزای کرد.

دەڵێن دوای ئەوەی بەڵێننامەکەی پرکردەوە و پەشیمانی و سوێندەکەی نوسیەوە و ئیمزای خۆی لێدا، بەتوندی پێیەکی بەزەویداداو وتویەتی (لەگەڵا ئەوەشدا، هەر دەخولێتەوە)

بەڕای من ململانێکانی ئەوروپا لەسەدەکانی شازدە و حەڤدە، ئەو سەردەمەی کۆپرنیك و گالیلۆی تێدا ژیاون، سەردەمێکی جیاکەرەوە بووە لەنێوان ئسولی مەسیحی کەپابەندە بەدەقی ئاینی و کارەکانی عەقڵا رەفزدەکات- لەنێوان سکۆلاریزم کەپابەندە بەلێکدانەوەی دەقی ئاینی لەژێر رۆشنایی کردەوەکانی عەقڵی ئسولیەتی ئاینی- بریتیە لەشێوەك لەشێوەکانی دۆگمایی کەلەسەر بنەمای حەقیقەتی وەهمی دروستکراوی رەهایە.

دەتوانین بڵێین: ململانێی ڕۆژگاری کۆپرنیك و گالیلۆ لەنێوان دوگمایی و سکۆلاریدا بووە، ئەنیشتاین دەربارەی کتێبەکەی گالیلۆ دەڵێت: بیرۆکەی بنچینەییە لەکارەکانی گالیلۆدا...) بەلای گالیلۆوە دوو پێوانە هەیە بۆ حەقیقەت و تەنها وەهمێکە بەبیردا تێدەپەڕێت، واتای ئەم عبارەتەش پەیوەندی نێوان دۆگمایی و سکۆلارییە، هەر چۆنێك بێت زانست دوای کۆپرنیك و گالیلۆ، وایلێهات بتوانێت تێڕوانینی زانستی گەردونی وەلامگۆی هەر تێڕوانینێکیتر بێت.

ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر زانست لەگەڵا ئایندا ناکۆك بوو، ئەوادەبێ ئاین جێگای خۆی بۆ زانست چۆڵبکات، دیارە مەسەلەکە لەوئاستەدا ناوەستێ، ئیتر بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی دەستیپێکرد بۆ چاوپیاخشاندنەوە بەدەقەکانی ئایندا- یان بەمانایەکی وردتر لێکدانەوەی جیای دەقە ئاینییەکان، کەپێشەنگ و رابەری ئەمە(لۆسەر)ە کەبیرۆکەکەی ئەو بریتییە لەڕوخاندنی سێ دیوار- ئەگەر بمانەوێ ریفۆرمی ئاینی هەڵبێت و پرشنگبداتەوە.

دیواری یەکەم: بریتییە لەوەی، دەسەڵاتداریتی ئاینی حوکمی دەسەڵاتداریتی سکۆلاریزم دەکات.

ڕووخاندنی ئەو دیوارە، واتا یەکسانبوونەوەی دەسەڵاتداریتی

سكۆلارِیزم لەگەڵا دەسەڵاتدارێتی ئاینیدا، بەو جۆرە دەسەڵاتدارێتی سكۆلاریی لەمەسیحیەتدا پەرجەستەدەبێت.

دیواری دووەم : پێكهاتوە لەوەی دەسەڵاتدارێتی ئاینی، مافی ئەوەی هەیە لەچەمكی ئاینی بگات، وێرانكردنی ئەم دیوارە، واتا مافی هەموو كەسێكە تێبگات.

دیواری سێیەم : باس لەپاكیزەیی پاپا دەكات لەهەڵەكردن، لۆسەر دەڵێت: رۆمانییەكان حەز دەكەن، تەنها خۆیان حوكمی كتێبی پیرۆزبكەن- لەكاتێكدا بەدرێژایی ژیانیان هیچ لەئینجیلەوە فێرنەبوون، ئەوان وایدادەنێن كەتەنها خۆیان خاوەنی دەسەڵاتدارێتین، لەبەردەمماندا وشەی بێشەرم وشور بەكاردێنن، لە هەولدانیشیان بۆئەوەی قەناعەتمان پێبكەن كە پاپا پیرۆز و پاكیزەیە، لەهەڵەكردن لەكاروباری ئیمانداریێتی ....، كەواتە ئەوەی كەئەوان دەیلێن راستبێت، ئەوا چ پێویست بەكتێبی پیرۆزە؟ كەڵكی چییە؟

بۆیە ئەو بۆچوونەیان كەتەنها پاپا خۆی تەفسیری ئینجیل دەكات، خەیالا و ئەفسانەیە، كەمرۆڤ رقی پێهەلدەستێت.

بەلای لۆسەرەوە روخاندنی ئەو دیوارە، واتا ئەگەر پاپا دژی رێنمایی و زانیارییەكانی ئینجیل وەستایەوە، ئەوا ئەركی سەرشانمانە لایەنگری رێنماییەكانی ئینجیل بین، نەك لایەنگری پاپا، تەنانەت ئەركی سەرشانمانە رقمان لێی بێتەوە و دەرپبكەین، هیچ دەسەلاتدارێك لەكەنیسەدا نییە جگەلە دەسەلاتدارێتی چاكەكاری.

دوای روخاندنی ئەو سێ دیوارە، ئیتر پاپا مافی خۆیەتی لێكدانەوە بۆ ئینجیل بكات، ئەم لێكدانەوانەش دەبێتە مافی هەمووان، هەروەها پێویستە ئەو تەفسیركردنانەش دوگماتیكی تێدابێت، بۆئەوەی بیركردنەوەی سكۆلاریزمی تێدا مەشروعبێت.

لەسەدەی پازدە لەروسیا، لەرۆژگاری ئیڤانی سێیەمدا، سكۆلاریزم سەریهەڵدا، لەسەردەمی فەرمانرەوایی پترۆسی گەورەدا، بەرەو كامڵبوون چۆوە- كاتێ ناوبراو بڕوای بەپیاوانی ئاینی مەسیحی كەمبووە.

دوای مردنی پەتریارك ئادریان، پترۆسی گەورە، دژی هەڵبژاردنەوەی پەتریاركێكی كەوەستایەوە و لیژنەیەكی بۆ بەرێوەبردنی كاروباری كەنیسە پێكهێنا كەلەژێر دەسەلاتدارێتی خۆیدابوو، ئیتر ئایدۆلۆژیای تازە جێگای ئایدۆلۆژیای كۆنی كەنیسەی گرتەوە- كەلەسەر بنەمای شێوازی كۆنبوو، لەنەریتی بیرۆكەكانیدا.

ئیتر ئایدۆلۆژیای تازە بەرگری لەداهێنان و ریفۆرمخوازی بوێرانە دەكرد و رەخنەی لەسیستمی كۆمەلایەتی دەگرت، لەگەلا هەموو ئەو شتانەدابوو كەسروشتی بوون.

بەهۆی هاتنەئارای (فەرهەنگی) رۆشنبیری سكۆلاریزمییەوە، هزر و رۆشنفكری كەنیسە كەوتە تەنگەژەوە، بۆرزگار بوونیش لەوئاستەنگەی كەنیسە تێیكەوتبوون، رێگایەكی تازە گیردرایەبەر بۆچاككردنەوەی كەنیسە، ئەویش ناویان نا (العلمانیه) سكۆلاریزم لەچوارچێوەی وەعی كەنیسەدا.

بەوشێوەیە كەنیسە لەدەولەت دابرێندراو تەنها لەپانتایی بواری ژیانی تاكەكەسەكاندا مایەوە، لەژێر رۆشنایی ئەو هزرە تازەیەدا (سكافارودنا) رەوشی فەلسەفەیەكی سكۆلاری مەسیحی دامەزراند، ناوبراو ئەندامێك بوو لەكەنیسە، بەلام ئەو كەسێكی بیر ئازاد بوو، لایەنگری لێكدانەوەی رەمزی دەكرد، سەرئەنجام گەیشتە بروای یەكەی یەكێتی بوون- لەوێشەوە گەیشتە ئەو بروایەی كەدژی باوەربوون بەوجوت زاراویەبێت كەپێكەوە بەكاردەهێنرێن (خێر و شەر- ژیان و مردن) ئەم دوانەییە لەسەربنەمای بواری ئەزموونە و هیچ مانای میافیزیكی نییە- بە و مانایەی ئەو دژە یەكە باوە لەبواری سۆفیگەریدا دەبێتەوە بەهیچ و نامێنێ.

لەكاتێكدا رۆشنبیری سكۆلاری لەدەرەوەی كەنیسە توندتر و بەهێزتربوو، پێشەنگەكانیشی (ناتیشف)ە كە خالی سەرەتا لای ئەو سكۆلارزمكردنی ژیانە.

واتا رزگاركردنی لەدەسەلاتدارێتی كەنیسە و ناكۆككبوونی خوا لەگەلا كەنیسەدا، چونكە كەنیسە مرۆڤ لەوە بێبەردەكات كەقانونی خوایی پێی بەخشیوە.

بۆیە (ناتیشف) پێیوایە پێویستە كەنیسە گوێرایەلی دەولەتبێت- لەوكاتەدا دەتوانرێت دەسەتەبەری جێگیری سەرەبەخۆی ژیانبێت، كەپشتبەستە بەیاسای سروشتی (كۆلاریزم).

لەسەدەی هەژدەدا سكۆلاریزم دوبارە گەشەیكردەوە، فەلسەفەی كانت بووە رێرەوێكی راستەقینەی رۆشنكردنەوەی، ناوبراو لەسالی (١٧٨٤)دا وتارێكی لەژێرناوی وەلامدانەوەی پرسیارێك: رۆشنگەری چییە؟ بالێرەدا لەبەر گرنگی ئەو بابەتە، بەشێكی لێتەرجەمە بكەینەوە:

(رۆشنگەری رۆیشتنی مرۆڤ بەرەو كامڵبوون، كامڵبوون رێگرە لەبەردەم ئەم رۆشنگەریەدا، ناكامڵبوون، واتا بێتوانایی مرۆڤ لەكەڵك وەرگرتن لەعەقلی خۆی، بەبێ یاریدەدانی كەسانیتر، هەروەها نابەرەوپێشچوون مرۆڤ خۆیەتی- كەمووكوری نەبێت لەخودی عەقلدا، بەلكو كەموكورییە لەپلان و بوێری لەكردارەكانی عەقلا، بەبێ یاریدەدانی كەسانیتر- لەكردەوە عەقلییەكانتدا بوێربە، ئەمەیە دروشمی رۆشنگەری .

تەمبەلی و ترسنۆكی دوو هۆی سەرەكین كەمرۆڤەكان بەدرێژایی تەمەنیان بەدواكەوتوویی دەهێلنەوە، لەكاتێكدا سروشت ئازادیكردون لەپشتنەبەستن بەئەوانیتر، بەلكو ئەمانە هۆن بۆ ئاسانكردنی كاروباری كەسانیتر- ئەوەی كەباشتروایە ناكاملا و پێشنەكەوتوبین. باشتروایە كتێبی پیرۆز جێگرەوە بەكارهێنانی عەقلمانبێت.

گۆڤارێكی فكریی دوومانگ
جارێك دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ سالی هەشتەم

قەشە لەبری هۆشی من بێت، پزیشك ڕێنوێنیکەربێت لەبری ئەوەی ئەو خواردنانەی پێویستە بیخۆم، کەواتە هیچ پاساوێك بۆبیر کردنەوەی من نییە مادام دەتوانم بیکرم، ئەویتر لەبری من خۆی ماندو دەکات.

زۆرینەی مرۆڤەکان (لەنێوانیاندا ئافرەتان هەموویان) دەزانن ڕێگای کامڵبوون تەنها سەخت و بەپێچ و ئاسێ نییە، بەڵکو پڕیشە لەمەترسی، بەو هۆیەوە کەئەوانە تەواو خزمەتیان دەکەن و لەوە ئاگاداریان دەکەنەوە پشتبەخۆیان نەبەستن. ئەمەش دوای ئەوەی دەیانگۆڕن بۆکەسانی دەبەنگ و گەمژە.

ئەو بوونەوەرە ملنەرە مسکێنانە مەنع دەکەن لەو بەراورد و لێکدانەوانەی کەلەسەری ڕاهاتون، بەڵام لەگەڵا هەموو ئەمانەشدا، مەترسییەکە بۆ هەمیشە نییە، ئەمانە کاتێ دەکەونە سەر زەوی، فێردەبن چۆن برۆن، کەئەمە جارێك ڕوویدا ئەوا دەبێتەهۆی ئاگاداربوونەوە لەوەی جارێکیتر نەکەون و بەجێگیری و وریاییەوە ڕێگا ببرن(برۆن) زۆر سەختە مرۆڤ ڕێگای ناکامڵبوون و پێشەوەچوون بگرێتەبەر و بیگۆڕێت بۆجۆرێ لەغەریزەی سروشتی.

ئیتر پێشنەکەوتن و کامڵبوون مرۆڤ حەزی لێیەتی، لەوێوە مرۆڤ سازنییە بۆبەکاربردنی عەقلی، چونکە بێبەشکراوە لەهەوڵدان بۆ ڕەوشی کردەوە عەقلییەکانی.

چۆن بنەماو ڕێسای دیاریکراو هەن، چۆن فاکتەر و میکانیزمی خراپ هەن، بۆ ڕێگری لەبەردەم بەهرە سروشتییەکانی مرۆڤدا، کەئەمە بەردی بناغەی بەرو پێشنەچوون و ناکامڵبوونی بەردەوامە، بەڵام دەبێ بازی خۆی بدات. ئەم بازدانەش بێ مەترسی نییە لەوکەلێنە کەمە، چونکە ڕانەهاتوە لەسەر ئەم جولە ئازادە، بۆیە کەسەکان دەتوانن خۆیان لەم ناکامڵبوون و پێشکەوتنە ڕزگاربکەن، ئەمەش بەهەنگاونانی جێگیر و بەماندوبوونی خود.

ڕۆشنگەری پێویستی بەئازادی نییە، باشترین ئازادی خاڵی بێت لەزەرەد ئەوەیە ڕێگا بدات بەبەکارهێنانی عەقلی گشتی بۆعەقڵی مرۆڤ، لەهەموو مەسەلە و بوارەکاندا. (بابەتەکاندا)

لێرەدا گوێم لەودەنگانەیە کەدەڵێن: ئەفسەرێ دەڵێت: بیرمەکەوە، بپرمەکەوە مەشق بکە.

قەشە دەڵێت: بیرمەکەوە بەڵکو بڵێ ئامین.

بەڵام بەرێزێك لەدنیادا هاوردەکات و دەڵێت: چۆن پێتخۆشە ئاوابیربکەرەوە، بەڵام گوێ ڕایەڵ بە!

ئەمەش بەومانایەیە کەئازادی سنوردارە، بەڵام ئەوەی چ کۆت و بەندێك لەمپەرە لەبەردەم ڕۆشنگەری؟ وەڵامی ئەمە بەو شێوەیەیە:

ئازادی بەکارهێنانی عەقڵی گشتی، ئازادیەیە کەڕۆشنگەری و ڕێنمایی مرۆڤ دەکات، بەڵام بەکارهێنانی تایبەت ئەگەری کۆتوبەندکردنی هەیە، بەڵام ڕێگرنییە لەبەرەوپێشچوون و ڕۆشنگەری.مەبەستم لەبەکارهێنانی عەقڵی گشتییە.

لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا کاریگەری سکۆلاریزم لەسەر مەسیحیەت ڕەنگیدایەوە و دەرهاویشتەیەکی تازەی لەگەڵ خۆی هێنایە ئاڕا، بەناوی لاهوتی سکۆلاری، پێشەنگی ئەم ڕێچکەیەش (تۆماس ئەتیزر و و لیم هاملتون) بوون.

ئەم دوو کەسە لاهوتییە کتێبێکی هاوبەشیان لەساڵی (١٩٦٦)دا لەژێر ناوی (لاهوتی ڕادیکاڵی و مردنی خوا) دەرکرد، ئەمانە مەبەستیان لەمردنی خوا نییە بەو بۆچوونەی (نیتشە) لەسەدەی (١٩)دا لەکتێبی (زەردەشت ئاوای وت)دا دەڵێت: ئیتر خوا مرد.

ئەوەی (توماس ئەتیزر و و لیم هاملتون) مەبەستیانە ئەو چەمکە کۆنەیە دەربارەی خوا، کەجیایە لەگەردون و بوونەوەر، ئەم چەمکە کاتییە، چونکە تەنها بەرۆحانی ئەو نامۆییەی کەمرۆڤ چەرمەسەری و مەینەتی پێوە چێشتووە، ئێستا کاتی ئەوەهاتوە ئەو قۆناغە تێپەڕێنردێت.

بەڵام چەمکی تازە لەسەر خوا بەلای (ئەتیزر)ەوە لەئاینە خۆرهەڵاتییەکانەوە هاتوە، لە: نرفانا، تاو، ئیتما، برهمان- ئەمانە هەموویان ئەو تەعبیرانەن کامە گشتی و جیهانین، ئەوانەی دژی جیاوازیپەکانن، لەبەرئەمە (التیزر) وایدەبێنێت لەبیری ئاینی خۆرهەڵاتدا ڕێچکەی جیاوازییەکان نین.

ئەمەش کەموکوری نییە لەشێوازی ئەو بیرۆکانەدا، بەڵکو کەم و کوریە لەنەبوونی گشتگیرێت و جیا نییە لەجیهانی مەسیحییەتدا.

## سەرچاوەکان:

١- مارکس و (انجلس)، حول الدين: ترجمة ياسين الحافظ، دار الطليعة، بيروت ص (٦٩)

٢- محمد اركون ، تأريخية الفكر العربي الاسلامي، بيروت مركز الانما و القومي، ط ٣،١٩٨٨

٣- عزيز التميمي، جذور العلمانية في المجتمعات العربية، ورقة معدلة عن الاصل المنشور في كتاب ، www.ii-dt.com

٤- صادق جلال العظم، العلمانية والمجتمع المدني، القاهرة : مركز الدراسات و المعلومات القانونية لحقوق الانسان (١٩٨٨)

٥- فرج ظاهر، الاسس الفلسفية الانسانية، بيروت، دار الساقي ط- ٢ ، ١٩٨٨

گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم